کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-5-2007 19:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆشێواندنی ئاسودەیی جارێکی تر قە لە ڕەشەکانی تێکدانی ئارامی، شاری هەولێریان کردەوە بە مەزرایی شێواندنی ژیان و لافاویی خوێنیان تیا بەرپاکرد!! ... کاروان رووف

سەر لەبەیانی ڕۆژیی 2007/5/9 دیسانەوە لەو کوردستان شەمشەمە کوێرەکانی دژبەنەتەوەیی کورد و ئازادیی لە هەوڵیی شێواندنی پایتەختی کوردستان. دیسان هەڵسان بەشێواندنی ئارامی لەناوچەکەدا. سەدان کەسیان بەنا هەق شەهید وبریندارکرد. ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆیارمەتی یاخوود دڵسافی نەتەووەیی و نیشتمانی وولاتەکەمان... کە وەك بازاڕێکی ئازاد کراوەیە بۆ هەموان لە ئەنجامی ڕێزگرتن لە لێقەوماوان؟؟ ئەمە بەرپەرچی سوپاسەکەیانە بۆ کورد کەیارمەتیان دراوە وە ك ناتوانن ئاسودەبن لە نیشتەجێکەی خۆیان کەخوارووی عێراق و دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکات خۆدەتوانێت ئارامی وولاتی ئێمە تێك بدات ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕێگەیەکە بۆ تێکدانی ئارامی وولاتی ئێمە. بەهەموو شێوەیەك. کە لە لایەن سەرۆکی ئێراق کە بە ڕێز مام جە لال خاوەن هەڵوێستە. و وە لە لایەن بەڕێز کاك مە سعو د کە سە رۆکی هەرێمی کوردستانە هەموو ڕێگایەك ئاوەڵایە بۆ هاتنی ئاوارەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان کەوابێ چاوەڕێی چی بکەین لە دراوسێکانی کورد چیمان بۆ دەنێرن؟؟؟؟؟!!!!!! خێر خۆشی ئاسودەیی سەر بەخۆیی وەیاخود !!!!!!!!شتی تر؟؟؟ ئەوەش شتێکە کە ئێمەی کورد هەمیشە دڵپاك و خۆش باوەڕین لە ئاستی دوژمنانی کورد کە لێیان قەوما دەزانن کورد باوك و برایانە بە لام لە دەستەڵاتدا ئێمە دەبینە (ێدوك؟؟؟کاکە کوردی) لەواتایی ئەم ووشەیە من لە جەنگی کەنداودا دراوە لە ڕووم کە ئەوکاتەی لە زیندان ئازادبووم لەگاتی زۆر ناخۆشترین ژیانی ئێراقیەکان بەتایبەتی شیعەکان خۆیان پیبَیان ووتم (بارق احسن تعامل یعمل مع الاکراد) !!! کەوابێ ئێمە کەس دۆستمان نیە ئەوە هاو ئەشکەنجەو هاو ئازارمان بوو ... ئەی ئەگەر پشتوپەنایی نەتەوەییمان وە یان نیشتمانی وولاتەکەم نەبێت ..ئێمەچین وەیاخود گەلەکەمان دەگات بەچی!!!!؟؟؟ ئێمە دەبێت هەمیشە بزانین جگەلە دۆستە کانمان وئەندامانی وولاتەکەمان. و وە کەسی ترمان نیە دەبێت دووایی تەقینەوەکەیی پایتەخت چاوەڕیبَی شتی خراپ تربکەین نەك باشتر وە پێویستە وولاتەکەمان خۆمان بیپارێزین. هەر کەسێك لەماڵڵی خۆیی ئاسایش بێت نەك دەست بگرێت بەکلاوەکەیی خۆیەوە با نەیبات .... ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!

زۆر سوپاس (کاروان رووف. کاروان پاسۆك)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.